گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper6

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/05/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 31/07/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# دیموکراسی و ئـازادی لای کـارل پۆپەر

**عمر خدر رسول حمد**

omer.khdir@uor.edu.krd

بەشی فەلسەفە و گەشەپێدان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پـوخـتــەی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا قسە لەسەر بابەتێکی گرینگی فەلسەفە کراوە ئەویش دیموکراسی و ئازادی لای کارل پۆپەر، "پۆپەر" باس لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دروستبونی دەوڵەت دەکات لە ڕێگای دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی هەڵبژاردنەوە، گرفت و پرسیاری سەرەکی توێژینەوە بریتییە لە "ئایا دەرکەوتن و دروستبونی دەوڵەت تا چەند پەیوەستە بە ژینگە و تواناکانی مرۆڤەوە و لەگەڵ ئازادی تاکەکان بەڕێوەبردنی ئاسایش و سەقامگیری ئیرادەی کۆمەڵگا؟. لێرەوە "پۆپەر" پێیوایە هەمو هاووڵاتیان یەکسانن لە بەردەم دەسەلاتی یاسا، چونکە دەوڵەتی یاسا هیچ جیاوازیەک ناکات لە نێوان تاکەکاندا، چونکە یەکسانی و جیاوازینەکردنە لە نێوان ڕەچەڵەک و زمان و ڕەگەز و دابونەریتدا، بۆیە پێویستە دەوڵەت بەرگری لە خاکەکەی بکات و کۆنترۆڵی سەربازو ئابوری و هاتوچۆ پێشکەوتو بێت، هەروەها ئەم دیموکراسیەی کە پێویستە کۆمەڵگای کراوەی بۆ دروست بکرێت، تەنها لەو سیستەمە سیاسیەی کە بوار دراوە بە مرۆڤ، عەقڵ بەکاربهێنێ لە بواری سیاسی بێناچاربون بۆ ڕاسپاردن یان ڕێگەپێدانی سیاسی، چونکە حیزب ئامرازی دەوڵەتە "کارل پۆپەر" هەرچەندە بازنەی ئازادیی فراوانتربێ ئەوە حوکمڕانی ڕاست و ڕەوا دەبێ و بەبێ ئازادی و یەکسانی دەوڵەت دروست نابێت، بۆیە باسی دیموکراسی دەکات، چونکە ئامرازێکە بۆ دامەزراندنی حوکمەتێکی نوێ، لەم توێژینەوەیە کە باسی چەمکی دیموکراسی دەکات، لایەنگری دیموکراسی دەکات، دیکتاتۆر بۆ ئەو کەسەی کە دەبێت بەسەرۆک، دیموکراسی بانگەشە دەکات بۆ ئازادی و ڕادەربڕین،

دیموکراسی تر ڕەتدەکاتەوە، چونکە بناغەی دیموکراسی بەوە ناسراوە، کە دکتاتۆریەت ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئۆتۆقراتی "پێچەوانەی دیموکراسیە، لە کاتێکدا کە سیستەمی ئورۆقراتی دەسەڵات بۆ تاکە کەسە نەک بۆ زۆرینە.

**کلیلە وشەکان:** دیموکراسی، ئازادی، دەوڵەت، هەڵبژاردن، نوێنەرایەتی.

## پێشەکی

بابەتی فەلسەفەی سیاسی یەکێکە لە لقە گرنگە و پڕبایەخەکانی بواری فەلسەفە، تیادا فەیلەسوفان تێڕوانینی خۆیان بۆ دیموکراسی و ئازادی و دروستبون و لەناوچونی دەوڵەت خستوتەڕو. "کارل پۆپەر" یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە دید و تێڕوانینی خۆی بۆ چۆنیەتی دروستبون و لە ناوچونی دەوڵەت دەخاتەڕو، بۆ ئەم مەبەستە تێگەی "دیموکراس و ئازادی و یەکسانی" وەک تیۆرێکی فەلسەفی بۆ خستنەڕوی بۆچونەکانی خۆی سەبارەت بە دەوڵەت، چونکە هەمو فەیلەسوفان تێڕوانینی تایبەتی خۆیان هەبوە لەم بوارەدا. لەم توێژینەوەیەدا تێڕوانینی "کارل پۆپەر" لە بارەی "دیموکراسی و ئازادی" ڕونکراوەتەوە دیموکراسی و ئازادی جێگایی بایەخی ئەم فەیلەسوفە بوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە فەلسەفە بوارێکی فراوان لەخۆدەگرێت، هەڵبژاردنی بابەتێکی وەک دیموکراسی و ئازادی یەکێکە لەو لایەنە گرنگ و هەستیاریانەی کە مرۆڤ بەتۆڕێکی پەیوەندی بەربڵاو بە مرۆڤانیترەوە دەبەستێتەوە لەڕوی "ئایین و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتور.....هتر"، چونکە دیموکراسی و ئازادی پەیوەندییەکی سەقامگیرە و هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردن دایە، و بابەتێکی ئەوا گرنگ کاریگەری زۆری لەسەر جیهان هەبوە، ئایا ئەمە یاسای خەڵکە؟ یان زۆرینە؟

ئێمە لەم توێژینەوەدا هەوڵمانداو تیۆری "دیموکراسی و ئازادی "لای کارل پۆپەر ڕونکەینەوە، کە پۆپەر وەک فەیلەسوفێک لە ڕێگای ئەم تیۆرەوە شیکردنەوە بۆ دیاردەی دروستبون و ڕوخانی دەوڵەت دەکات. بۆیە ئەم بابەتە کاریگەری زۆر هەیە بۆ هۆشیاری کۆمەڵگا، بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردی، بۆیە تاڕادەیەک کۆمەڵگای کوردی زۆر هەژارە لەم بوارەدا.

### پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە دو تەوەری سەرەکی، لە تەوەری یەکەم باسمان لە چەمکی دیموکراسی و ناساندنی دیموکراسی کردوە و ڕونمانکردوتەوە، کە بریتین لە "یەکسانی و یاسا حوکمی زۆرینە دەنوێنێت، ئەم زۆرینەیەی کە لە هەڵبژاردنەکان دێتە ئاراوە ئەویش خۆی دەنوێنێت لە ئەنجومەنی گەل"، بەڵام لە تەوەری دوەم ئاماژەمان بە لایەنی ئەرینی و نەرینی حکومەت کردوە، کە خۆی لە "حکومەت و هەڵبژاردن"، لەبنەڕەتدا

توێژینەوەکە بە دو بەش تەواو نابێت، بەڵام هەوڵمانداوە تەوەری نێو باسەکان زیادبکەین، تا جێگەی "باس"بگرن بە پوختی لە بەرئەوە کردمان بە دو تەوەر.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دۆزینەوە و یەکسانی و ئیرادەی چاکە لە ویژدانی تاکەکاندا، هەروەها نەهێشتنی هەڵە و خراپە لە لای مرۆڤ، ئەمەش بە بێدارکردنەوەی ویژدان و ئیرادەی چاکە و چاودێربونی مرۆڤ خۆی بەسەر خۆیەوە، بۆیە دیموکراسی و ئازادی لای "کارل پۆپەر" بە یەکێک لە کایە گرنگەکان دادەندرێت، ئامانجیش لەم توێژینەوەیە گەیشتنە بە زانیاریەکی نویێ بۆ خوێنەران، وەرگرتنی سود لەم بوارە کە کاریگەری تەواوی هەیە لە خوشگوزەرانی کۆمەڵگا.

**گرفتی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بدرێتەوە کە ئەویش "تێڕوانینی پۆپەر بۆ دیموکراسی چییە؟ و تێڕوانینی ئەو بۆ ئازادی چییە؟ ئایا دەرکەوتن و دروستبونی دەوڵەت تا چەند پەیوەستە بە ژینگە و تواناکانی مرۆڤەوە؟ و لەگەڵ ئازادی تاکەکان بەڕێوەبردنی ئاسایش و سەقامگیری ئیرادەی کۆمەڵگا"، بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان گرفتی سەرچاوەمان هەبو بە زمانی دایک، وەرگێڕەکانیش لەگەڵ هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر نەیان توانیوە گرینگی وەرگێڕان وەک خۆیی جێبەجێبکەین، بۆیە بە هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر توانیومانە کە باسەکەمان بە سەرچاوەی زمانی عەرەبی وەربگێڕین بۆ زمانی کوردی، بۆ ئەوەی بتوانین زمانی دایک دەوڵەمەند بکەین، سودێکی هەبێت بۆ بابەتەکەمان گرفتی توێژینەوەکە لە بەردەمی کەسێکی تر ئاسان بکەین ئایا ئەمە یاسای خەڵکە؟ یان زۆرینە؟ ڕێگاکانی گۆڕینی حکومەت چین؟ گۆڕان لە ڕێگەی شۆڕشەوە دێت یان لە ڕێگەی ئاشتی؟ مەبەست لە کۆمەڵگایەکی کراوە چییە؟

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوەی بۆچونەکانی "پۆپەر" بەکارهاتوە، چونکە بۆ بابەتەکەمان ئەم میتۆدە باشترینە، ئەم توێژینەوەیە چەندین بابەتی گرینگ لەخۆدەگرێت کە ئەمانەش لایەنی (ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی) کە گرینگییەکی زۆریان هەیە بۆ ژیانی ئەمرۆیی گەلی کورد.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە باس لە بۆچونی یەکێک لە فەیلەسوفانی سەدەی بیست دەکات سەبارەت بە ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی و ئاشنابون بە تێزەکانی گرنگی خۆی بۆ خوێندنەوەی ڕوداوەکانی ئەم قۆناغە لە ژیانی مرۆڤایەتی، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئێمە بە گرینگمان زانی کە

ئازادی و دیموکراسی دو هۆکاری گرینگن لە ژیانماندا بۆ ئەوەی بتوانین وشیارکردنەوەی کۆمەڵگامان لەڕوی فکر و هزری مرۆڤەکان پەرەی پێبدەین بۆ داهاتومان.

**بەشی یەکەم: دیموکراسی "چەمک و واتا و دەرکەوتنی."**

**باسی یەکەم: چییەتی دیموکراسی چییە؟**

دیموکراسی بە گرینگترین زاراوە و چەمکە بنەڕەتییەکان دەژمێرێت لە فەلسەفەی سیاسی، ئەوەش بە هۆی ئەوەی چەمکەکە پەیوەستە بە وشەی هاووڵاتیبون، جا بۆ لابردنی لێڵی و ناڕونی لەسەر ئەم زاراوەیە پێویستە لەسەرمان لەسەر مانایی زمانەوانیی و زاراوەیەکەی بوەستین، ناساندنی دیموکراسی پرۆسەیەکی مێژویی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە کە بەدرێژایی چەندین سەدە گەشەی کردوە و لە کلتور و شارستانییەتە جیاوازەکاندا جیاوازی هەیە. دیموکراسی وەک سیستەمێکی سیاسی جەخت دەکاتەوە لەسەر بنەماکانی سەروەری گەل، یەکسانی سیاسی، حوکمی زۆرینە، پاراستنی مافی کەمایەتییەکان و سەروەری یاسا، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە:

١ -زۆرینەیان دەبنە خاوەنی دەسەڵاتی حکومەت و کاروباری کارگێڕی.

٢ -یەکسانیی مافەکان لەم سیستەمە سیاسییەدا بەدیدەهێنرێت.

٣ -کە گەل دەسەڵاتی تاوانبارکردن و ئیدانەکردنی هەیە لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەوە چاودێریکردن و تاوتوێکردنی ئەو دەستەڵاتە

دیموکراسی پێش هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا دەستپێدەکات و ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنی ئەو کۆتایی دێت و ئەو تاک یان گروپەی کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت کاری خۆی دەکات. چەمکە ڕاستەکە ئەوەیە کە دیموکراسی ئەو کۆنترۆڵەیە کە ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنی "بەرپرسیارێتی" دەست پێدەکات. (الخشاب،3567، 17)

1-دیموکراسی لە زماندا: وشەیەکە یان دەربڕینێکە پێکهاتوە لە دو وشە یەکەمیان (demos) واتە گەل، دوەمیشیان (kratos) واتە سەروەری یان دەسەڵات، لەوەشەوە دیموکراسی واتە دەسەڵاتی گەل..(صليبا،1982، 569-570) لە کاتێکدا دەبینین کە زاراوەی دیموکراسی بەرامبەر زاراوەی (ئوتوقراتیە)ە، لەبەرئەوەی دیموکراسی حوکمی زۆرینە دەنوێنێت، ئەم زۆرینەیەی کە لە هەڵبژاردنەکان

دێتەئاراوە ئەویش خۆی دەنوێنێت لە ئەنجومەنی گەل کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت جا کە واتایی دیموکراسی بریتییە لە حوکمی زۆرینە(حنفی،2000، 358)

**2**-دیموکراسی لە زاراوەدا:

دیموکراسی سیستەمێکی سیاسییە کە بە چەندین پرەنسیپ و کرداری سەرەکی ناسراوە کە جەخت لەسەر بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردن و بەرپرسیارێتی هاووڵاتیان دەکاتەوە لە حوکمڕانیدا، بۆیە لە زاراوەدا دیموکراسی بەردەوام پرۆسەیەکی داینامیکی و بەردەوامە، دیموکراسی وەک بیرۆکە و هیوایەکی بەهێز دەمێنێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی شکۆمەندی و ئازادی و خۆبەڕێوەبردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکانی سەرانسەری جیهاندا بۆیە لێرەوە "ئەندری لالاند" باسی دیموکراسی دەکات: بەوەی دۆخێکی سیاسیە کە تیایدا دەسەڵات بۆ سەرجەم هاووڵاتیانە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جیاوازیەک لەسەر بنەمای لە دایکبون و سامان یان توانا (لالاند، 2001، 259) لە میانەی پێناسەی لالاند بۆ دیموکراسی بۆمان دەردەکەوێ بەوەی دیموکراسی ((بنیاتدەنرێت لەسەر هۆکاری هاووڵاتیان یان تاکەکان))، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیە کەسییەکان ئەوانەی لەلایەنی ساماندا یان لایەنی هێز یان ڕەچەڵەک. هەروەک (عبدالمنعم حنفی) پێناسەی دەکات لە کتێبەکەیدا (المعجم الشامل لمصطلحات فلسفیه) بەوەی بریتییە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە چەند ئەندامێک یان کۆمەڵێک نوێنەر ئەو دەسەڵاتە پیادەدەکەن لە میانەی ئەم یاسایانەی کە پەسندیان دەکەن، بەپێی ئەم یاسایانەش سیستەمی دادوەری حوکم و بڕیاردەدەن، لەژێر ڕۆشنایی ئەم یاسایانە فەرمانبەرانی کە ڕای گشتی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەڕێوەدەبەن و پەیوەندییەکانیان پێڕیکدەخەن لە نێوان فەمانڕەوا و هاووڵاتی ئاسایی و نێوان تاکەکانی گەل (حنفی، 2000، 38)، واتا گەل خۆی خاوەن سەروەرییە، بە جۆرێک نوێنەران دەسەڵات بەڕێوەدەبەن لە ڕێگەی بڕیارەکان، جا گەل خاوەنی دەسەڵاتە نەک خاوەنی بڕیارەکان جا لە میانەی ئەم بڕیارانە سیستەمی دادوەری حوکم دەکات و پەیوەندی نێوان تاکەکانی یەک گەل ڕێکدەخات، دیموکراسی بەم مانایە، سیستەمێکی سیاسیە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەهایی تاک و یەکسانی و ئازادی و ڕاو بیرکردنەوە (وفاء،2018، 10) واتا دیموکراسی دادەمەزری لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن لە ئازادی تاکەکان لە چوارچێوەی ئەوەدا کە یاسا و ڕێساکان ڕێگەی پێدەدەن بە جۆرێک تیایدا هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا یەکسان بن بە چین و توێژە جیاوازەکان لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری و سەپاندنی سزاکان. (زعیم، 2000، 512)

بەو مانایەی دیموکراسی سیستەمێکە بڕوایی بە یەکسانی ڕەها هەیە لە نێوان هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا بە هەژار و دەوڵەمەندەوە، بە هێز و بێهێزی، چ لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری یان یاسایی یان نەتەوەیی دابنێ.

هەروەک دەبینین کە زاراوەی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا بەکاردەهێندرێ لە زۆربەی دۆخەکان بەو مانایەی کە شۆڕشی فەڕەنسی پێی بەخشی، ناوەڕۆکی فراوانی ئەو زاراوەیە مافی ڕەهایی گەل دەگرێتەوە لە یاسادانان بۆ سەرجەم کاروبارە گشتییەکان بە زۆرینەی دەنگی نوێنەرەکانی جا لەسەر ئەم بنەماییە ئەوا ئیرادەی گەل کەوا لە سیستەمی دیموکراسی سەری هەڵداوە مانای وایە کە ئەم ئیرادەیە ئازادە بە هیچ شێوەیەک سنوردارناکرێت بە کۆتوبەندی دەرەکی و هەر خۆشی گەورەی خۆیەتی و لەبەردەم هیچ دەسەلاتێک لێی ناپرسێتەوە جگە لە دەسەلاتی خۆی بۆی هەیە لێبپرسرێتەوە (سید، 1987، 47–48) لە میانەی ئەوەی پێشودا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەکرێ سەروەری و دەسەلات بدرێ بە نەتەوە، گەل خۆی حوکمی خۆیی بکات، لە میانەی هەڵبژاردن و نوێنەرانی گەل.

جا کەواتا دیموکراسی بریتییە لە سیستەمێکی سیاسی تیایدا گەل پیادەی دەسەڵاتی دەکات و گەورەیی خۆیی دەنوێنێت، واتا کۆی ئەم هاووڵاتیانەی کە نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی، بەپێی (جان جاک ڕۆسۆ) ئەو دیموکراسیەی کە یەکێتی بەدەستی دێنێ لە نێوان ئەخلاق و سیاسەت و دەوڵەتی یاساییە ئەو دەوڵەتەی کە گوزارشت لە ئیرادەی گشتی هاووڵاتیانی دەکات ئەوانەی کە لە هەمان کاتدا یاسادانەرو هاووڵاتین ملکەچی یاساکانی دەوڵاتیان دەبیت (وفاء 2018، 11) و هێزی گشتی پێویستی بە هۆکارێکی تایبەت هەیە، کە ئەو هێزانە کۆبکاتەوە و بەپێی لایەنەکانی ئیرادەی گشتی ڕاهێنان بکات، دەبێتە ئامرازی بەیەکەوەبەستنی پەیوەندی نیوان دەوڵەت و سەرۆک لە میانەی ئەوەش بۆمان ڕوندەبێتەوە کە گەل خۆی خاوەنی دەسەلاتە، ئەوەی دادگەری بەدیدێنێ لە نێوان ئەخلاق و سیاستی هەر دەوڵەتە، ئەو دەوڵەتەی کە یاسا حوکمی بەسەردا دەکات، گەلیش ملکەچیەتی، هێزی گەلیش پێویستی بە ئیرادەیەکی تایبەتە کە بەڕێوەی ببات تاکو ڕایەڵەیەک هەبێ لە نێوان دەوڵەت و فەرمانڕەوادا (ڕۆسۆ، 1995، 102)

**باسی دوەم: چەمک و پێناسەی دیموکراسی**

**1–چەمک و پێناسەی دیموکراسی**

پێناسەکردنی دیموکراسی کاریکی ئاسان نییە بەتایبەتی کە ئەم چەمکە جەوهەرییە کە گەلێک مانا لە خۆیدەگری، بۆیە دیموکراسی لەسەر بنەمای ئازادی کولتوری و ڕێزگرتن لە زمان و ئایین و نەریتەکانی خەڵک دامەزراوە، بۆیە دەبێت دەوڵەت و دیموکراسی کەمایەتییەکان بپارێزن و هاوکاری ئایینەکان بکەن سەرەڕای سروشتی دیموکراسی، بۆیە دیموکراسی سیستەمێکی سیاسییە کە بە چەندین پرەنسیپ و کرداری سەرەکی ناسراوە کە جەخت لەسەر بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردن و بەرپرسیارێتی هاووڵاتیان دەکاتەوە لە حوکمڕانیدا (کیسلاسی 2006، 19) لە کاتێکدا چەمکی دیموکراسی بەتێپەڕبونی کات گەشەیکردوە، بۆیە

ئەگەر دیموکراسی بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوی مانای دەسەلاتی گەل بێ؛ واتە خۆی سەرچاوەی دەسەلاتە ئەوا چەمکی دیموکراسی چی دەگەیەنێت لای کارل پۆپەر؟ کارل پۆپەر پێناسەی دیموکراسی کردوە لە کتێبی "درس القرن العشرين" بەوەی: "مانایی حوکمی گەل ناگەیەنێت هەر وەک و برەوی پێدراوە لای خەڵکی گشتی، بەڵکو بریتییە لە توانابون لەسەر دامەزراندنی حوکمەتەکان و بونی توانا لەسەر ڕێگری لە دروستبونی دیکتاتۆرێک بە ناوی گەل" (پۆپەر 2008، 15)

لێرەدا ڕەتکردنەوەی "پۆپەر"مان بۆ دەردەکەوێت بۆ ئەو ڕایەی دەڵێ: "دیموکراسی واتە حوکمکردن، بەڵکو واتایی بونی توانایە لەسەر دورخستنەوەی سەر دیکتاتۆریەتێک کە ناسراوە بە حوکمی گەل، چونکە ناکرێ گەل خۆیی حوکمی خۆیی بکات، بەڵکو دەبێت چەند جەستەیەکی فەرمانڕەوا هەبن کاروباری دەوڵەت ڕێکبخەن و حوکمی گەل بکەن، لێرەدا پۆپەر دیموکراسی بەم هێزە داناوە کە لە میانەیدا دەتوانین خۆمان ڕزگاربکەین لە حوکمڕانی و دیکتاتۆریەت، نە کردنی گەل بە خاوەنی دەسەلات هەروەک لە ڕابردودا باوبو. و لە کتێبی نوێدا "خلاصە القرن العشرين" هەروەها پێناسەی دیموکراسی بەم شێوەیە کردوە: "بەوەی هەمو یەکسانن لەبەردەم دەسەلاتی یاسا و هیچ تاوانبارناکرێ یان بە تاوانبار ناژمێرێ، یان بریتییە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکی سیاسی ئەوەش دورکەوتنەوە لە ستەمکاری و دیکتاتۆریەت" (پۆپەر 2000، 64) واتە هەمو تاکەکان یەکسانن بەرامبەر یاسا، لە سیستەمێکی دیموکراتیدا، حکومەت ڕەوایەتی خۆی لە ڕەزامەندی فەرمانڕەواوە وەردەگرێت و بڕیارەکان لەسەر بنەمای خواستی زۆرینە دەدرێن، لە هەمان کاتدا مافی کەمایەتییەکانیش دەپارێزن، جا بەم مانایە دیموکراسی ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی بەشێوەیەکی گشتی، هەمو ستەمکارییەک دوردەخاتەوە کە ناسرابێ بە حوکمکردنی گەل ببن بەشێوەیەکی تایبەت، چونکە حوکمڕانی زۆرینە هیچ ناکۆکیەکی سیاسی چارەسەر ناکات، ئەوەش بەم شێوەیە کە ئازادی تاکەکان سنوردار دەکات بەمەش هەمو هاوولاتیەک وا بەستە دەکرێت بە چەند ڕێخەرو پێوەرێکی یاسایی کەوا کاروباری ڕێکدەخات، لە ئەنجام دا دیموکراسی لای پۆپەر بەستراوە بە دو مەرجی بنەڕەتی ئەوانیش: ئازادی و یەکسانی. لە شوێنێکیتر لە کتێبەکەی "الحيات باسرها حلوك لمشاكل" پۆپەر پێناسەی دیموکراسی کردوە "بەوەی چەند دامەزراوەیەکی چەکدارییە دژی کەسی دیکتاتۆر، جا ڕێگا نادات بە هیچ سەروەریەک کە مۆرکێکی دیکتاتۆری هەبێت" (پۆپەر 1994، 231).

کەواتە دیموکراسی بریتییە لە چەند دامەزراوەیەک، حوکمی گەل دەکات و هەڵدەستێت بە دابینکردنی ئاسایش دەوڵەت دژی هەر ستەمکارێک کە ناوببرێت بە حوکمی زۆرینە، چونکە حوکمی زۆرینە هانی پاشاگەردانی و نەبونی ئاشتی و ئاسایش دەدات، لەبەرئەوەی "پۆپەر" داوای دیموکراسیەک دەکات کە تیایدا حوکمڕانی دەدرێتە پاڵ چەند کەسێکی هەڵبژارد و لەگەڵ بونی هێزێکی چەکدار پاڵپشتی فەرمانڕەوا بکات لەسەر

ڕێکخستنی دەوڵەت، لە ڕاستیدا سیاسەتی جیهان لە ئەمڕۆدا شتێک نییە جگە لە چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی پۆپەری، لەم سۆنگەیەوە کە بەردەوامبونی هەر سیستەمێکی حوکمڕانی، بەندە بە بونی فەرمانڕەوایەکی بەهێز، پشت بە هێزی سەربازی و ئابوری دەبەستێت تەنانەت ئایینیش، بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەت لەسەر هەردو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، مێژوی مرۆڤایەتیش پڕە لەم جۆرە بەسەرهاتانە.

هەروەها لە هەمان کتێب واتە ((الحیاه باسرها حلوک لمشاکل)دا پێناسە دەکات کە بریتییە لە سەروەری گەل چونکە (سەروەری گەل) یان حوکمی گەل ئەوەش لە بەرامبەری ئۆتۆکراتیدا و مانایی ئەم وشەیە یارمەتیدەر نییە، چونکە هەرگیز ئەوە ڕوی نەداوە کە گەل خاوەن دەسەڵات بێت، جا حوکمەت لە هەمو شوێنێک بونی نییە.

"پۆپەر" بڕوایی وایە "دیموکراسی هەڵە ئەوەیە کە مانایی دەسەڵاتی گەل دەگەیەنێت، چونکە سەروەری گەل بۆ گەل، چونکە حوکمەت هەمیشە ڕوبەڕوی هەر لەمپەڕێک دەبێتەوە کە ببێتە کۆسپ لە ڕێگەی دەوڵەت ئەمەش بۆ پاراستنی ئاسایش بە پێچەوانەی حوکمی گەل ئەوەی کە دەبێتە هۆی پاشاگەردانی بێ سەروبەری و یاسا شکێنە بەپێی پێناسەکەی پۆپەر) (پۆپەر 1994، 213).

لەمیانەی ڕونکردنەوەکەی پۆپەر بۆ چەمکی دیموکراسی، لە لایەکیترەوە گرنگترین ئەو پرەنسیپانەمان بۆ زیاددەکات کەواتە دیموکراسی لەسەر بونیاددەنرێت، جا لەم ڕوەوە دەڵێت: (پرانسیپی ئەخلاقی بۆ دیموکراسی وامانلێدەکات بتوانین خۆمان ڕزگاربکەین لە دیموکراسی بەبێ خوێن ڕشتن) (پۆپەر 2008، 89)

لێرەدا لە میانەی ئەم دەقە (پۆپەر) بۆمان دەردەخات کەوا دیموکراسی شتێک نییە جگە لە چەند دەستەیەکی چەکدار بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەت لە مەترسی دیکتاتۆریەتی میللی، چونکە لە ئەخلاقی دیموکراسی ئەوەیە کە ئاسایش و سەقامگیری باڵ بکێشێت بەسەر تەواوی دەوڵەت، لە کاتێکدا ستەمکاری میللی دەبێتە هۆێ پاشاگەردانی و نەمانی سەقامگیری و بەمەش ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییە کە دیموکراسی لەسەر بونیاددەنێ ئەوەی کە بنچینەکەی دەسەڵاتی گەلە، بەپێی تێڕوانینی پۆپەر سازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەستەبەر دەکات لەسەردەمی جیهان گیریدا (پۆپەر دان بەوەدادەنێت ئەوەی کە پێیانوایە بەوەی دیموکراسی ناتواندرێت هەتاهەتایە بەردەوام بێت مادام تەنها دیموکراسییە، کەوا چوارچێوەیەکی دامەزراوەیمان پێدەدات ڕێگا دەدات بە چاکسازی بەبێ توندوتیژی و بەکارهێنانی عەقڵیش لە بواری سیاسەتدا بەڵام ئەم بڕوایە ویستی بەرەو دروستکردنی کۆسپ و تەگەرەیە بۆ ئەوانەی کە ڕوبەڕوی فیکری هەمەلایەنە دەبنەوە. (پۆپەر 1998، 12).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە "پۆپەر" دیموکراسی بەستۆتەوە بە ئەخلاق، چونکە بڕوای وایە دیموکراسی ڕەوایە بریتییە لەو دیموکراسیەی کە سازانی تەبایی و کۆمەڵایەتی دەستەبەردەکات، بەپێی پەنابردن بۆ ئامرازەکانی سەرکوتکردن و ستەمکاری، هەمو ئەم ئامرازانەش کە دەبنە هۆیی خوێنڕشتن و لەبەرئەوەی بڕوایی بەپێچەوانەکەیە، واتە دیموکراسی تەنها بریتییە لە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و سەقامگیری لەگەڵ پاراستنی خوێن بە هەمو ڕێگاکان جا ئەگەر لەو ئامانجە لایدا ئەوا دیموکراسی دەبێتە ستەمکاری و دیکتاتۆری هەمەلایەنی کە دەربڕینەکە ڕاست بێت. (پۆپەر 1998، 12)

**باسی سێیەم: مێژوی دیموکراسی:**

ئەگەر دیموکراسی بەدرێژایی قۆناغە مێژوییەکان مانای ئەوە بێت، هێزی خەڵک، واتە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتن، تێڕوانینی پۆپەر بۆ دیموکراسی چییە و تێڕوانینی ئەو بۆ ئازادی چییە، مێژوی دیموکراسی ڕەنگدانەوەی کارلێکی داینامێکی بیرۆکەکان و دامەزراوەکان و بزوتنەوە و خەبات بۆ نوێنەرایەتیکردنی سیاسی و یەکسانی و دادپەروەرییە. لە کاتێکدا شێوە و دەربڕینەکانی دیموکراسی بە درێژایی کات و شوێن جۆراوجۆرن، بەڵام پرەنسیپە بەردەوامەکانی هێشتا ناوەندی خواستی تاکەکان و کۆمەڵگاکانن کە خەبات بۆ خۆبەڕێوەبردن و ئازادی و حوکمڕانی دیموکراسی دەکەن. ڕەگەکانی دیموکراسی دەتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکانی وەک میزۆپۆتامیا، میسر، هیندستان و چین، کە تێیدا شێوە سەرەتاییەکانی حوکمڕانی بەشداربو و بڕیاردان لەناو کۆمەڵگە و شارەکاندا بونیان هەبو. لەگەڵ ئەوەشدا، دیارترین نمونەی دیموکراسی کۆن لە ئەسینا، یۆنان لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین سەریهەڵدا. (مهدی 2022، 49)

"پۆپەر" پێوایە کە سەرکەوتنێکی وەها هەیە لە کۆنترین دیموکراسیەکانی ڕۆژئاوا کە پێشتر وێنەی نەبوە، ئەم سەرکەوتنەش بەرهەمی زۆری کارکردنە، هەوڵدانی زۆر لە داهاتەکانی پزیشکی، بەر لە هەمو شتێک زۆر بیری بەهێز و داهێنەرانە لە چەندین بواری جیاوازدا (پۆپەر 2008، 101).

"پۆپەر" ئەم پرسیارانە دەخاتەڕو: ئەو کەسە کێیە کە پێویستە حوکم بکات؟ گەل یان کەمینەی باش؟ زۆرینە یان کەمینە "پۆپەر" پێیوایە هەمو پرسیارانە بەشێوەیەکی هەڵەداندراون، (کارەکە ناوەستێتە سەر ئەو کەسەی حوکم دەکات، مادام بتواندرێت بەبێ خوێن ڕشتن خۆ لە حوکمەت ڕزگاربکرێت، جا ئەو حوکمەتەی کە بتواندرێت خۆی لێ ڕزگاربکرێت زۆر خوازیارە ئەوە دەبێت ڕێگایەک بگرێت لە خەڵک لێی ڕازی بێت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەسێک لەوانەیە ڕاست بێت و کۆمەڵێک کەس هەڵە بێت دیموکراسی لەسەر بنەمای بیرۆکەی هەڵسەنگاندنی ڕاست و هەڵە دامەزراوە بەپێی پێوەری ژمارەی ئەو کەسانەی کە پشتگیری هەمان بیرۆکەی سیاسی دەکەن، زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە پشتگیری بیرۆکەیەک دەکەن یان

فەرمانڕەوایەک هەڵدەبژێرن مانای ئەوە نییە کە ڕاستن، چونکە ماف بە ژمارە دیاریناکرێت و ماف بەهاکەی کەم ناکات ئەگەر لایەنگرەکەی تەنها یەک تاک بێت دانایی بە هێزی بۆ ئەو کەسانەی کە ژمارەیان زۆرە، ئەستەمە ڕاوێژ لە نێوان ئەوان و میدیاکاندا بکرێت لەبری ئەوان ڕاوێژبکەن و زۆرجار ئاڕاستە دەکرێن. (پۆپەر 1994، 214)

لێرەدا پۆپەر ئەم پرسیارانە ڕەتدەکاتەوە چونکە لە بنەڕەتدا بەشێوەیەکی هەڵەداندراون لەبەرئەوەی پۆپەر داوای ئەوە دەکات کە جارێکی تر پرسیاری دیکە بەشێوەیەکی ڕاست دابڕێژرێن و کێشەی باسکراو تەنیا چڕنابێتەوە لە دەوری فەرمانڕەوا، بەڵکو ئەو پەلدەهاوێت بۆ ئەو حوکمەتەی کە بە ئاسانی دەتواندرێت خۆی لێ ڕزگاربکرێت بەبێ گرتنەبەری توندوتیژی یان هێزی چەکدار، ئەوەش هەموی دەگرێتەوە بۆ ئارەزو و ویستی خەڵک لە ڕزگاربون لە حوکمەتە و پێکهێنانی حوکمەتێکی تر، بەڵام حەز و ویستیش نامێنیت کاتێک خەڵک بزانێت بەوەی ئاسان نییە حوکمەتێک بە تەواوی بڕوخێندرێت.

پۆپەر دەڵێ: (بۆ ئەوەی گرنگی ئەم بیردۆزە سادەیە دەربارەی دیموکراسی ڕون بکەمەوە لەڕاستیدا دەمەوێ جێبەجێبکەم لەسەر کێشەی مافی هەڵبژاردنی ڕێژەیی) (پۆپەر 1994، 214)، لێرەدا گرنگی دیموکراسیمان بۆ ڕون دەکاتەوە لە مەیدانی واقیعدا بە جۆرێک هەوڵدەدات لە سەرمافی هەڵبژاردن جێبەجێ بکات، پۆپەر لێرەدا دیموکراسی لە شوێنی هەڵبژاردنی ڕێژەیی دادەنێ، ئەو هەڵبژاردنەی کە زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانە دەنوێنێ، کەوا توانرا لەلایەن گەل هەڵبژێرێن. لێرەوە پۆپەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هیچ کاتێک دیموکراسی حکومی گەل نەبوە لە تواناشیدا نەبوە و پێویست ناکا ئەوە بێ، بڕوام وایە دیموکراسی کێشەی گەورە دەنێتەوە، هەر لە سەرەتاوە و تاکو ئیستاش گرنگترین و سەخترین کێشەی بوە، دژوارتر لە هەر سیستەمێکی ئەخلاقی، یەکێک لەم کێشانە بەردەوام ناڕونی دروست دەکات بەو پێیەی کەوا مەسەلەیەکی ئەخلاقییە"(پۆپەر 2002، 73).

**بەشی دوەم: حکومەت و ئازادی و دژەکانی دیموکراسی.**

**باسی یەکەم: حکومەت و هەڵبژاردن لای کارل پۆپەر**

کارل پۆپەر فەیلەسوفێکی بەناوبانگی زانست و تیۆری کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی سەرەکی بە پێشنیارە دیاریکراوەکانی پەیوەست بە پێکهاتەی حکومەت یان سیستەمی هەڵبژاردن ناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرۆکەکانی لەسەر دیموکراسی و کۆمەڵگەی کراوە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوە لەسەر بیرکردنەوە و کرداری سیاسی، لێرەوە دەمەوێت خەڵک ڕابکێشم بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە خەڵک باوەڕیان بە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایەکی مەزن هەیە کە ژیانیان بۆ باشتر دەگۆڕێت، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەو کەسەی خراپەی بە مرۆڤایەتی کرد خۆی بە مەزن ڕاگەیاند و خەڵکی هەڵخەڵەتاند کە ئەوانەی چاوەڕێی ئازادکردنی دەکەن

ئەو کارەدەکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و باوەڕیان وایە کە پاساوی تەمبەڵی و نەبونی ویستی خۆیانە بۆ یارمەتیدانی خۆیان.(بهلول 2018، 83). کارل پۆپەر لایەنگری دیموکراسییە لە سەدەی بیستەمدا.

دیموکراسی و ئازادی ئەو بەها بنچینەییانەن کە پشتگیری کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەکەن و بەرزکردنەوە و پاراستنیان زۆر گرنگن بۆ خۆشگوزەرانی تاکەکان و کۆمەڵگاکان لە سەرانسەری جیهاندا. دیموکراسی و ئازادی چەمکێکی پێکەوە بەستراون کە بناغەی زۆرێک لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکانن."کارل پۆپەر"سیستمی کۆماری بەم شێوەیە پێناسە دەکات (دەوڵەتێکە نوێنەرایەتی حوکمەتێک دەکات کە گەر هەڵیدەبژێرێت لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیەوە") (أبراهيم، 1983، 62).

لێرەوە چەمکی پۆپەر بۆ "کۆمەڵگای کراوە" پێچەوانەی ڕژێمە تۆتالیتارییەکان و کۆمەڵگە داخراوەکان دەوەستێت. ئەو باسی لەوە کرد کە کۆمەڵگە کراوەکان کە بە دامەزراوە دیموکراتییەکان، سەروەری یاسا، ئازادی ڕادەربڕین و ڕێزگرتن لە مافە تاکەکەسییەکان دادەنرێت، واتا ئەوەی حوکم دەکات گەل دایدەنێت "پۆپەر سیستەمی کۆماری ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو سیستەمی دیموکراسی هەڵدەبژێرێت دەڵێت نمونە سیاسی باش سیستەمی دیموکراسیە لەبەرئەوەی دیموکراسیەت ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی ڕۆشنبیری نییە (پۆپەر، 2008، 62) پۆپەر دەڵێت سیستەمی کۆماری دیکتاتۆریەتە ئاساییشی دەوڵەت بەدیناهێنێت، بەڵکو دیموکراسی دەبێتە بە دیلی سیستەمی کۆماری، لەبەرئەوەی ئاشتی بەرپادەکات لە دەوڵەتدا جیاوازی ناهێڵێت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا. "پۆپەر"دەڵێ: ناکرێ دەسەڵاتێکی ڕەها هەبێت بەرپەرچدانەوەی نەبێ، چونکە یەکێک ناتوانێ بە هێزەکانی جەستەی دەستبگرێت بەسەر هەمواندا، بەڵکو پشت دەبەستێ بەیاریدەدەرەکان (پۆپەر 1998، 125)

لە شوێنێکیتردا لە کتێبەکەی"خلاصە القرن العشرين "کارل پۆپەر دەڵێ: (گرنگترین شت لە شێوەکانی حکومەتدا ئەوەیە کە بتوانین لەسەر کار لای بدەین بەبێ خوێنڕشتن، پێش ئەوەی هەر حکومەتێکی دیکە جڵەوی حکوم بگرێتە دەست، ئەوە زۆر گرنگیش نییە بەڕای من ئەم لە سەر کارلادانە چۆن دەبێ چ لە ڕێگەی هەڵبژاردن بێ یان لە ڕێگەی بڕیاری پەرلەمان))"(پۆپەر 2002، 76).

گرنگترین خاڵ بەلای "پوپەر" ئەوەیە خەڵک توانای هەبێ لەسەر ڕزگاربون لە ژێر ڕکێفی حکومەت بەبێ خۆینڕشتن، زۆر گرنگ نییە بزانرێ بەچ ڕێگایەک حکومەت لەسەر کار لادەبرێ چ لە ڕێگەی هەڵبژاردن یان بە هۆی بڕیارێکی پەرلەمانی دەبێ، چونکە ئاسان نییە بە شێوازێکی ئاشتیانە حکومەتێک لابدرێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ویستی تاکەکان سەبارەت بەحوکمڕانی، ئیرادەی خەڵکیش زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێت بەتایبەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردن، پۆپەر دیموکراسی پەسەند دەکات، چونکە ڕێگری لە خوێنڕشتنی دەسەڵات دەکات، لە کاتێکدا ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان خوێن دەڕژێن بۆ فەرمانڕەواییکردن(بهلول2018، 81)

بێگومان وشەی دیموکراسی ئەوەی کە بە مانای حوکمی گەل دێت، بە داخەوە وشەیەکی ترسناکە، لەبەرئەوەی هەمو تاکێک لە کۆمەڵگا باش دەزانێ کە ئەو حکوم ناکا، لێرەیشدا هەستێکی لا دروست دەبێ بەوەی دیموکراسی بە جۆرێک دادەنرێ بردنی سامان و بەدەستهێنانی پۆست ئەمە ترسێکە لێرەدا خۆی حەشارداوە" (پۆپەر2008، 107).

"پۆپەر" جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو دیموکراسیەی کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ (ئەسینا) ئەوەی کەوا مانای حکومی گەل دەگەیەنێ مەترسییە بۆ سەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە، لەبەرئەوەی خەڵک دەزانێ کە هیچ کامیان ناتوانێ جڵەوی حوکم بگرێتە دەست، لێرەشدا  دیموکراسی جۆرێک دەبێ لە سامان بون و ماندوبون و فێڵکردن.

لە میانی ئەم سیفەتانەی کەوا دیموکراسی ئەسینی لەخۆدەگرێ ئەوەی کە بە مانای حکومی گەل دێ، بوە هۆی ئەوەی مەترسی لە سەر هەمو ئەندامانی کۆمەڵگا دروست بکات.

ئەو ئەرکە سەرەکییەی کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، ئەوەش بە مەرج دادەنرێ تیایدا پێش هەمو شتێک داننانە بە مافی ئازادیمان و مافی ژیانمان، ئەگەر پێویستی کرد یارمەتیان بدرێ لە بەرگریکردن لە ئازادی و ژیانمان وەک مافێک، بەڵام ئەم ئەرکە باوکایەتییە "(پۆپەر2002، 80) لە میانەی ئەم ڕایەدا بۆمان دەردەکەوێ یەکەم مەرج کە پێویستە دابینبکرێ لە دەوڵەتی یاسا بریتییە لە دانان بە مافی تاکەکان لە ئازادی و ژیان، چونکە دەوڵەت یاسا نایەتەدی تەنیا بە دەستەبەرکردنی مافی تاکەکان نەبێ لە بواری جیاجیاکان، بەڵام ئەم ئەرکە ئەرکێکی باوکایەتییە زۆر کەم داواکاری تاکەکانی دەستەبەر دەکات چ لە مافی ئازادی بێ یان مافی ژیان.

"پۆپەر"وای دەبینێ:"لە ڕاستیدا زەحمەت نییە، ڕونیبکەینەوە کە لە تواناداییە پەرەبە بیردۆزی چاودێری دیموکراسی بدرێ بەبێ کەوتنەداوی مەحاڵ بونی سەروەری، چونکە ئەو بیردۆزەی لە هزرمدا دەخولێتەوە دەرناچێ بەڕێناکەوێ، هەروەک پێشتر هەبو، لەڕێبازی چاکی یان بەردەوامی بۆ حوکمی زۆرینە و ڕاستتر بڵێین لە پشت بەستن بە زۆرداری "(پۆپەر 1998، 127)

بەپێی ڕای پۆپەر ڕون دەبێتەوە کە قورس نییە ئەوە ڕونبکرێتەوە چۆن دەتواندرێ پەرە بەچاودێری دیموکراسی بدرێ، بەبێ کەوتنە داوی مەحاڵ بونی سەروەری، چونکە بیردۆزەکە وەک پێشتر پەیڕەو ناکرێ لە هەردو ڕێبازی چاکی بۆ بەردەوامی حوکمی زۆرینە، واتە دیموکراسی هاوچەرخ وەک پێش خۆی نییە لە دیموکراسی ئەسینی ئەوەی کە مانای حوکمی گەل دەگەیەنێ، بەوەش دیموکراسی هاوچەرخ سنوردادەنێ بۆ هەر ستەمکاریەک یان دکتاتۆریەک کە بەناوی حوکمی گەل بێ، لەکاتێک دا دیموکراسی ئەسینی شتیک نییە جگە لە زیادکردنی زۆرداری و پاشاگەردانی.

"جا دیموکراسییەکان کەواتە سەروەری گەل نییە، بەڵکو یەکەم قۆناغی چەند دامەزراوەیەکی چەکدار دژی کەسی دیکتاتۆر، جا دیموکراسی ڕێگەنادات بەهیچ سەروەریەک کە شێوە و مۆرکێکی دیکتاتۆری هەبێ یان کۆکەرەوەی هێزەکانە بەجۆرێک توندوتیژی دەوڵەت سنورداردەکات" (پۆپەر1994، 231)

ئەمەش مانای وایە دیموکراسی سەروەری گەل نییە، بەڵکو تەنیا بریتییە لە چەند دامەزراوەیەکی چەکدار کە دەوڵەت ڕێکدەخەن، دژی هەر ستەمکارێک بە ناوی حوکمی گەل، چونکە دیموکراسی هاوچەرخ ڕێگانادات بە هیچ شێوەیەکی دیکتاتۆری، جا ئەوە سنور بۆ هەر توندوتیژیەک دادەنێت لە دەوڵەت، بۆیە دیموکراسی ستەمکاری میللی نییە، بەڵکو بریتییە لە هێزێکی چەکدار دەوڵەت دەپارێزێت لە هەمو خراپەیەک کە پێی بگات بەم ئامرازە خۆی دەپارێزێت لە حوکمی زۆرداری ئەوەی کەوا لەسەردەمی ئەسینادا هەبو.

"پۆپەر" دەڵێت: "ئێمە ئەو کەسانەین کە بە دیموکراسی ناودەبرێین دیکتاتۆریەت یان زۆرداری بەشێکی خراپ دادەنێت لە ڕوی ئەخلاقی، تەنیا هەڵگرتنی زەحمەت نییە، بەڵکو لەڕوی ئەخلاقی ناتوانێت لەخۆییبگرێت چونکە نابەرپرسیارە" (پۆپەر2008، 89) لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە کە دیموکراسیەکان هەمو شتێکی دیکتاتۆر بە خراپ دەزانێت لەڕوی ئەخلاقی، بەڵکو ئەوە سەختە هەڵیگرێ، چونکە هیچ لێپرسراویەتێک هەڵناگرێ دەرحەق بە هاووڵاتیانی چونکە بەدەستهێنانی دیموکراسی بەپێی ڕایی "پۆپەر" بەندە بە دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری تاکەکان، واتە دەوڵەت لە سایەی سیستەمی دیموکراسیدا هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی دادگەری کۆمەڵایەتی و مسۆگەرکردنی ئازادییەکانی تاک لە هەمان کاتدا پێویستە لەسەر تاکەکان ئەرکەکانیان بەجێبگەیێنن بەرامبەر چینی حوکمڕان.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەوڵەت هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە باڵاکانی ئەویش ئاسایشە، لەکاتێکدا ئەرکی هاووڵاتیانە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دابن، واتە بەرژەوەندییەکی ئاڵوگۆڕ هەیە لە نێوان دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و هاووڵاتیان.

"وشەی دیموکراسی "هەر لەسەردەمی دیموکراسیەتی ئەسیناوە، ناوێکی کۆنە کە بەکاردەهێندرێن بۆ دەستورێک ڕێگە دەگرێ لە دروستبونی دیکتاتۆری یان زۆرداری" (پۆپەر2008، 107)

واتە دیموکراسی ناولێنانەوەیە بۆ وشەی دەستور ئەو دەستورەی کە لە سەردەمەکانی ڕابردو کاری پێدەکراو تاکو ئێستاش بەردەوامە، چونکە دەستور ڕێگە دەگرێ لە دروستبونی هەر دیکتاتۆریەک یان سیستەمکارێک لەبەرئەوەی دیکتاتۆری خراپترین سیستەمی حوکمڕانی کاری پێکراوە، هەروەها دەبێتە هۆی ستەم و زۆرداری، پێچەوانەی دیموکراسی کەوا ئاسایش و سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە و هاووڵاتیانی دەپارێزێ لە هەمو خراپەیەک و ستەمیک و بێگومان ستەمی دیکتاتۆری دەبێتە هۆیی خوێنڕشتن لە کاتی

گۆڕینی حکومەت  یان حوکمڕانی، لە کاتێکدا دیموکراسی داوای پێکهێنانی حوکمەتێکی نوێ دەکات بەبێ توندوتیژی خوێنڕشتن.

لەبارەی ئاشتی و دیموکراسی " پۆپەر" دەڵێت "قەناعەتێکی لەناکاوم بۆ دروستبو بەوەی ناتوانێت بەشێوەیەکی کردەیی دیموکراسی دەستەبەر بکرێ لەو ساتەوەختەی کە تیایدا دیموکراسی جێگیرە، دەست بکات بە بیرکردنەوە بۆ بیرکردنەوە تیایدا هەروەک شتێکی بەڵگەنەویست بێ" (پۆپەر1994، 213)

ئەمەش مانایی وایە ناتواندرێ دیموکراسی بەشێوەیەکی کۆتایی بەدەستبهێندرێ، چونکە لەو کاتەی کە دەستپێدەکات جێگیردەبێت تیایدا هەروەک بڵێی شتێکی بەڵگەنەویست و سادەیە، چونکە دیموکراسی ئاسایش و سەقامگیری وڵات دەستەبەر دەکات، ئەوەش بە دورخستنەوەی هەر ستەمکارێک کە بەناوی گەل ناسرابێت یان حوکمی بکات، چونکە حوکمی زۆرداری سەردەکێشێ بۆ دیکتاتۆری و ئاسایش و سەقامگیری نامێنێ لە دەوڵەت، لەکاتێکدا دیموکراسی هێزێکی حوکمڕانە ئاسایش دەوڵەت بەدیدەهێنێت هەروەک دەبێتە هۆی ڕزگاربون لەدەست حوکمەت بەبێ خوێنڕشتن، جا دیموکراسی بارودۆخی هەر چۆنێکبێت داوای توندوتیژی ناکات، بەڵکو خاوەن چەند دەستەیەکی حوکمڕانی کە هەر ئەوانە ئاسایش و سەقامگیریەکەی دەستەبەر دەکەن و دەیپارێزن. لەوەی پێشو کە باسکرا دەربارەی چەمکی دیموکراسی لە دیدی "پۆپەر"، بۆمان ڕوندەبێتەوە کەوا ئەو دیموکراسی ئەسینا ڕەتدەکاتەوە ئەو دیموکراسیەی کە بەمانای سەروەری یان دەسەڵاتی گەل، ئەو بڕواشی وایە کە دیموکراسی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێیە بەبێ خوێنڕێژی، بە جۆرێک دیموکراسی گۆڕی لەوەی لەڕابردودا باوبو کەوا تاکەکان بە ئازادی حوکمڕانیان هەڵبژارد لە ڕێگەی هەڵبژاردن، ئەمەش ڕەتدەکاتەوە چونکە بە بۆچونی ئەم هەڵبژاردن دەبێتە هۆی فرەحیزبی.

**باسی دوەم: هەڵوێستی "پۆپەر"دەربارەی ئازادی و یەکسانی:**

**ئازادی لای کارل پۆپەر**

لە کتێبەکەیدا بە ناوی "کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی"، پۆپەر بەرگری لە بیرۆکەی کۆمەڵگای کراوە دەکات وەک مۆدێلێک بۆ ڕێکخستنی سیاسی. ئەو دەڵێت کە کۆمەڵگە کراوەکان کە بە حوکمڕانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافە تاکەکەسییەکان و ئازادی ڕادەربڕین ناسراون "پۆپەر" داکۆکی لە چەمکێکی ئازادی دەکات کە هەم تاکەکەسی و هەم کۆمەڵایەتییە. ئەو باوەڕی وابو کە تاکەکان دەبێت ئازادی ئەوەیان هەبێت کە بەدوای بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیاندا بگەڕێن بەبێ دەستێوەردانی ناڕەوا لەلایەن دەوڵەت و تاکەکانی دیکەوە. لە هەمان کاتدا، ئەو دانی بەوەدا نا، کە ئازادی تاکەکەسی دەبێت هاوسەنگ بێت لەگەڵ بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر، هەروەک لە پێشەوە باسکرا لە کۆتایی بەشی پێشو، گەیشتن بەو ئەنجامەی کەدەستەبەرکردنی بەڵگەیەکی دیموکراسی بەندە بە هاوتەریببونی ئازادی و

یەکسانی، جا چەمکێکی ئازادی چییە لە دیدی "پۆپەر"؟ چ پەیوەندیەکیش هەیە بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی؟ دو جۆر ئازادی هەیە (ئازادی ڕێژەیی و ئازادی ڕەهایە)

١-ئازادییەکی ڕێژەیی: ئازادی لە زۆردارکردن و ئازاد ئەو کەسەیە کە فەرمان بە یاسا دەکات هەروەها لە ئەنجامدانی ئەم کارە لە مافەکانی مرۆڤی هەر هاوولاتییەک کە سور بێت لەسەر ئازادی پارێزەران.

٢-ئازادی ڕەها: ئەوە گەورەترین ئازادی ویستی گشتییە، گشتی خۆی ئاگاداری ئەوەیە کە چییە و لە پێناوی ڕۆحی عەقلانی و مانای ئەمە ئەوەیە کە سنوری ئەو کەسەیە کە خۆی سنوردار دەکات بۆ عەقڵ و ویستی خۆی و دەزانێت چۆن بەکاریبهێنێت. (أسماء ٢٠١٧ ٢٩)

١- هەڵوێستی بەرامبەر ئازادی: ئازادی لە دیدی پۆپەر بەتایبەت ئازادی سیاسی.

"پۆپەر" ((ئازادی سیاسی)) پێناسەدەکات: "بەوەی دەوڵەت لەلایەنی سیاسی ئازادە ئەگەر هاتوە دامەزراوە سیاسیەکان ڕێگەبدات بە هاوولاتیانی لە لایەنی زانستییەوە حوکمەت بگۆڕن بەبێ خوێنڕێژی هەرکاتێک زۆرینە ئەوەی ویست " (پۆپەر1999، 89)

"پۆپەر" بڕوای وایە بەوەی ئازادی دەوڵەت شاراوەیە لە لایەنی سیاسی کاتێک تاکەکانی گەل توانایی گۆڕینی حوکمەتی خۆیان هەبێت بەبێ ناکۆکی، ئەوەش هەر کاتێک بیانەوێت، بەڵام بەڕێگەیەکی ئاشتیانەوە ئەمەش بە وتەی خۆی ئازادییە. پۆپەر بەشێوەیەکی (هاوسەنگ) مامەڵەی لەگەڵ چەمکی ئازادیدا کرد، بۆ ئەوەی قسە بکات، چونکە لە ڕێگەی پابەندبونی بە ئازادییەوە لەلایەکەوە مەیلی ڕیالیزمی هەیە و پێویستی بە کۆدکردن و پێناسەکردنی لە دەوڵەتەوە لەلایەکی دیکەوە. پۆپەر دەڵێت: "من داوای پاراستن دەکەم بۆ ئازادیی خۆم و ئازادی خەڵکی دیکە و نامەوێت لەژێر بەزەیی هیچ کەسێکدا بژیم کە چەکێکی گەورەتر یان چەکی گەورەتری هەبێت (مهدي،202، 55)

هەروەک لە شوێنێکی تر دەڵێت: "دەکرێ زۆرداری بکەین لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئەوەی کە دەکرێت بەکاربهێندرێ لە پێدانی هەوڵی ناڕاست بۆ نمونە، بە ڕێگەیەکی هەمان شێوە دەوڵەتیش لە توانای دایە بەزۆرەملێ ئازادی تاکەکان بەرتەسک بکاتەوە، جا بۆیە ئێمە پێویستمان بە ئازادیە بۆ ڕێگریکردن لە زۆرداری دەوڵەت" (پۆپەر2008، 92)

لە دەقی پێشو ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە "پۆپەر" بە ڕایەڵێکی پتەوەوە ئازادی بەستۆتەوە بە سیاسەت، بەو مانایەی هەرچەندە بازنەی ئازادیی فراوانتربێ ئەوا حوکمڕانی ڕاست و ڕەوا دەبێ و پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە هەرچەندە زیاتر ئازادی بەرتەسک بکەینەوە ئەوا پاشاگەردانی و نائارامی زیاتر دەبێت.

"پۆپەر" لە کتێبی "کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی"دا دەڵێت: "کاتێک هاوولاتی خۆی جیادەکاتەوە واتە بەم خۆجیاکردنەوەیە خزمەتی دەوڵەت دەکات، نەک وەک و مەسەلەیەکی پاداشت و ئیمتیاز بەڵکو پاداشتە لەسەر

شایستەبون، جا ئەو ئازادیەی کەوا لیی بەهرەمەندە دریژدەبیتەوە بۆ ژیانی ئاسایی و وامان لینەکات کە بیٚ یاسا بین" (پۆپەر 1998، 185)

بێگومان هەمو هاوولاتیەک بۆی هەیە لە خزمەت دەولەت دابێت ئەوەش بەپێی تواناکانی، ئەمەش وای لێدەکات جیاوازبێت لە سەرجەم هاوولاتیانی دیکە، چونکە کە ئازادی تاکەکان جیاوازە جا ئەوەش وامان لێدەکات پارێزگاری لە دەولەت بکەین و ڕیزی یاسا بگرین بەس بەلکو درێژدەبێتەوە و پەل دەوهاوێت بۆ ژیانی ئاسایی.

هەروەک "پۆپەر" دەلێت: "نامەوێ لێپرسینەوەیەکی فراوان لە ڕۆشنبیران بکەم، بەلکو تەنها داوای ئەوەیان لێدەکەم دانبنێت بە لێپرسراویەتیەکانیان، دەرحەق بە مرۆڤایەتی و ڕاستی، ئازادیمان ڕێگەی ئەوەمان پێدەدات تەنانەت جیهانی ئازادی تۆمەتباربکەین و وێنایی بکەین بەوەی جیهانێکی گەندەڵ و ناشیرین و خراپ و ئەمەش لە مافی ئەوانە " (پۆپەر 2002، 97)

لێرەدا "پۆپەر" ڕایدەگەیێنێت کەوا ئەو نایەوێ لێپرسینەوە لە هیچ یەکێ لە ڕۆشنبیران بکات، بەلکو دەیەوێ هەر یەکەیان دانبنێ بە لێپرسراویەتیەکەی دەرحەق سەرجەم مرۆڤایەتی، چونکە هەمو مرۆڤێک ئازادی تایبەتی خۆی هەیە کە ڕێگەدەدات بە ئازادی و ڕادەربڕین جا ئازادی مرۆڤ وایی لێ دەکات یان ڕاستی و یاخود هەلەبێت لە قسەکانی، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە بۆیە دەبێ بژاردەی ڕاستی هەلبژێرین.

هەروەک "پۆپەر" لە شوێنێکی تر لە کتێبی "الحیاه باسرها حلول لمشاکل"دا دەلێت: "ئازادی سیاسی مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ بەکارهێنانی عەقلی بۆ هەمو تاکێک "(پۆپەر 1994، 172)، بەو مانایەی هیچ ئالوگۆڕێکی فیکری نییە بەبێ ئازادی، چونکە وەک ئاشکرایە تاک بەبێ فکر و بیرەکانی کپدەکرێن، لەبەرئەوە کاتێک دەولەت ئازادی نەدات بە تاکەکانی ئەوە بەو کارەی لێپرسراویەتیەکانیان سنوردادەکات و فیکریەکانیان بە قەتیسکراوی دەمێنیتەوە، لەبەرئەوە بونی ئازادی و سیاسی پێویستە تاکو هەمو تاکێک بتوانێت عەقلی بەشێوەیەکی ڕاست بەکاربهێنێت.

هەروەک لە شوێنێکی تر دان بەوە دادەنێت "پێویست ناکات ئازادی سیاسی هەلبژێرین چونکە بەلێنی ژیانێکی خۆشمان پێدەدات، بەلام لەبەرئەوەی بەهایی کۆتایی دەنوێنێت بەجۆرێک ناتواندرێ بەراوردبکرێ بەهیچ بەهایەکی مادی، پێویستە وەک هەلبژاردنی کەسی.

دیموکراسی هەلیبژێرین کە دەلێت: "ژیانی هەژاری هەلدەبژێرین لە دەولەتێکی دیموکراسی و پێم باشترە لە ژیانی دەولەمەندی کە لە سایەی حوکمێکی دیکتاتۆری بێت" (پۆپەر 1994، 178-179)

ناکرێ ئازادی هەلبژێرێ لەبەرئەوەی بەلێنی ژیانیکی خۆشمان پێدەدا، ئەو بەهایەکی بالایە سەبارەت بە تاکەکان و بەهایەکی مادی وا نانوێنێ و پێوانەناکرێ، بە جۆرێک "پۆپەر" وایدادەنێ کە دەتواندرێ ئازادی

هەڵبژێریَ وەک ئەوەی کەسی دیموکراسی هەڵیدەبژێرێت، چونکە کەسی دیموکراسیخواز بە هەژاری ڕازییە بەڵام لە سایەی ئاشتی و ئاسایشدا، دەوڵەمەندیش ڕەتدەکاتەوە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆریدابیَ کە ئاسایش و سەقامگیری بۆ دابین ناکات.

"پۆپەر" دەڵیَ: ئێمە پێویستمان بە ئازادیە بۆ ئەوەی ڕێگریبکریَ لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت، هەروەک دەمانەوێت لە دەوڵەت کەوا ڕێگە بگریَ لە خراپ بەکارهێنانی ئازادی، ئەم کێشەیە هیچ کەسێک نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕون چارەسەری بکات و نەبەدەرکردنی چەند یاسایەکیش، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بونی دادگایی دەوڵەت دەخوازیَ و ئەوەی لەوەش زیاتر بیَ ئیرادەیەکی باش و خێرخواز دەخوازێت. (پۆپەر 2002، 234)

"پۆپەر" ڕایدەگەیەنیَ کە ئازادی مەرجێکی سەرەکیە بۆ پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و دورخستنەوەی لە هەمو ئازارێک و زیانێک و دەسەڵاتەکەشی چاک دەکات، هەروەک دەوڵەتیش ڕێگری دەکات لە خراپ بەکاهێنانی ئازادی، چونکە خراپ بەکارهێنانی دەبێتە هۆی گەندەڵی دەوڵەت،وە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش حەتمەن دەبیَ دادگایەک هەبیَ لە دەوڵەت نەک بە دەرکردنی یاساکان، بەڵکو دەبیَ ئیرادەیەکی چاک و پاک هەبیَ لەبەرئەوەی هەر ئیرادەیەکی باش کە بناغەی چاکی کۆمەڵگاکانە جا بەبیَ بونی ئەم ئیرادەیەش گەندەڵی دەوڵەت باڵ دەکێشێت بەسەر ژیان و ئازادی تیایدا لاواز دەبێت.

### 2 –هەڵوێستی پۆپەر دەربارەی یەکسانی:

یەکسانی لە وێنەکەیدا بریتییە لە جیاوازینەکردن لە نێوان تاکەکان بەهۆی نەژاد یان زمان یان بیروباوەڕ یان ڕەگەز، ئەم پێوەرانە هیچیان ڕەچاوناکریَ، چونکە هەمو مرۆڤەکان یەکسانن لە ئەرک و ماف و ئازادیەکان. "(احمد 2015، 229)"

لە میانەی ئەم باسەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە یەکسانی واتە جیاوازی نەرکردنی لە نێوان تاکەکان لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک یان زمان و ڕەگەز و دابونەریت.

لە دیاریکردنی پۆپەر بۆ چەمکی یەکسانی، ئەوە دەردەکەویَ کە پەیوەندیەکی پتەو بەستویەتیەوە بە کۆمەڵگەی دیموکراسی، ئەوەی کە لە میانەی دادگەری کۆمەڵایەتی دابیندەکرا، چونکە ئەو پێیوایە "بنەمای دەستوری ئێمە بریتییە لە یەکسانی لە دروستبونیدا، جا ئێمە هەمومان برای یەکین و هەمو منداڵانیش لە یەک دایکن.... یەکسانی سروشتیش وامان لیَ دەکات کە وا تێبکۆشین لە پێناو یەکسانی لە بەردەم یاسا" (پۆپەر 1998، 100)

مەیلی سروشتی بە خاڵێکی لاواز دادەنری سەبارەت بە یەکسانی، چونکە کاریگەریەکی دەرونی هەیە لای خەڵک کاتێک دەزانن کە ئەوان یەکسانن لەبەرئەوەی بنەما لە هەمو دەستورێک بریتییە لە یەکسانی تاکەکان،

بەو پێیەی هەمو تاکەکان یەکسانن لە دایکبون یان لە ژیان ئەمەش وایلێدەکات خەبات بکەن لە پێناو یەکسانی لەبەردەم یاسا، کە بونی حەزێکی سروشتی دەخوازی لای هەمو تاکەکان تاک و دادگەریەکی ئاشتیانە دەستەبەربکات، سیاسەتی نوێ پێناسەی یەکسان دەکات بەوەی "بریتییە لە وەرگرتنی و نایەکسانی بریتییە لە بە کۆیلەکردن" (نز 2010، 143)، وەرگرتن یان لەخۆگرتنیش مەبەست لێ هاووڵاتیبونە واتە شارەزابونی تاکەکان بە مافە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتیش مایەی ڕەزامەندی دەبێت، لە کاتێکدا بە کۆیلەکردن بریتییە لەوەی تاکەکان مافەکانیان پێنەدرێت ئەمەش وا دەکات تاکەکان پشت لە حوکمڕانان بکەن و ناڕەزایەتی لێبکەوێتەوە و لە کتێبی "درس القرن العشرين"دا هاتوە "یەکێک لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە هەمو خەڵک یەکسان بن لەبەردەم یاساوە هیچ کەسێک بە تاوانبار دانانردێت ئەگەر بەڵگەی تەواوی لەسەر نەبێت و بەسەریدا ساغ نەبێتەوە، چونکە ئەم پرنسیپیانە بەشێکن لە دەوڵەتی یاساکە لێ جیاناکرێتەوە" (پۆپەر 2008، 77).

"پۆپەر" وای دەبینێت هەمو هاووڵاتیان یەکسانن لە بەردەم دەسەڵاتی یاسا، چونکە دەوڵەتی یاسا هیچ جیاوازیەک ناکات لە نێوان تاکەکانیدا و هاووڵاتی تاوانبارناکرێ بەبێ بونی بەڵگەی تەواو سەلمێنەر و ئەم پرەنسیپانەش بەشێکن لە دەوڵەتی یاسا کەوا هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی دادگەری و یەکسانی لە نێوان هاووڵاتیان.

"پرەنسیپی یەکسانی لە بەردەم یاسا پشت بە دو تایبەتمەندی سەرەکی دەبەستێ لە خاسیەتیەکانی ڕێسایی یاسایی، جا مەرجە لە ڕێسایی یاساییدا کەوا گشتی و سەربەخۆ بێت واتە هیچ زیادەیەکی لەگەڵ نەبێت و یەکسانیش ناتوانێت بەدیبهێندرێ لە نێوان تاکەکان تەنیا بە بونی ئەم دو خاسیەتە نەبێ لە ڕیسایی یاساییدا " (احمد 2015، 234)

ئەوەش مانایی وایە کە یەکسانی لە نێوان تاکەکان وا دەخوازێ کەوا ڕیسایی یاسایی گشتی و ڕوت بێ – واتە زیادەی لەگەڵ نەبێ – جا بەبێ بونی ئەم دو مەرجە یەکسانی بەدینایەت لە نێوان تاکەکان.

لە میانەی هەمو ئەمەدا لەوە تێدەگەین کە ئازادی و یەکسانی دو مەرجی بنەڕەتین لە ژیانی کۆمەڵایەتی بە سیفەتێکی تایبەت و لە سیاسەتیشدا بەگشتی، چونکە بەبێ بونی ئازادی و یەکسانی دەوڵەت یاسا دروست نابێت جا دەسەڵات هەمیشە پێویستی بەم دو پرەنسیپە هەیە، جا ئازادی وادەکات هاووڵاتی مافی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی هەبێت، لەکاتێکدا یەکسانی دادگەری بەدیدێنێت لە نێوان هاووڵاتیان لە بەردەم یاساوە لەسەر ئەوەش ئەم پرسیارەمان لا دروست دەبێت: دژەکانی دیموکراسی چین بەڕایی پۆپەر؟

**باسی سێیەم: دژەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای کراوە لای کارل پۆپەر:**

**1 ـ دژی دیموکراسی**

دیموکراسی ڕووبەڕوی گرینگترین نەیار دەبێتەوە کە پێی دەڵێن ستەمکاری یان دیکتاتۆری چونکە ستەمی حوکمڕانی سەرکەوتو سیستەمێکە کە توانایی بەرپەچدانەوەی هەر دوژمنێکی هەیە کەوابیەوێ زیان بە دەوڵەت بگەیەنێ و کۆنترۆڵی هەمو ئەو ئامراز و هۆکارانەش بکات کە دەبنە هۆی پشێوی و ترس و نیگەرانی بارودۆخ، چونکە هەروەک "پۆپەر" پێیوایە کە هەمیشە دەتواندرێ بەرگری لە بیردۆزەی ترسناکی ئایدۆلۆژیایی دەسەڵاتی گەل بکرێ، نەک بەرگری لە بیردۆزەی لاواز یان سادە و واقیعی بۆ دیموکراسی بکرێ بەو سیفەتەی کە ئامرازێکە بۆ ڕزگاربون لە دیکتاتۆری کە "تەحەمول" ناکرێ، ناکرێ بەرگریشی لێ بکرێت (پۆپەر 2008، 111)

ئەوەی "پۆپەر" داوای کردوە ئەوەیە کە دەتواندرێت بەرگری لە سەروەری گەل بکرێت، نەک بەرگری لە دیموکراسی کە ڕێگا و ئامرازێکە بۆ ڕزگاربون لە دیکتاتۆریەت یان ئەو ستەمکاریەی کەوا بەناوی حوکمەتی زۆرینە باوە، "پۆپەر" بەرگری لە بیردۆزەی دیموکراسی دەکات بە دادگایی گەل، چونکە ئەوەی دژی سیستەمی هەڵبژاردنە، لەبەر ئەوەی فرەحیزبی دەبێتە هۆی تێکدانی حوکمەتەکان بە جۆرێک هیچ یەکێک لێپرسراوی نییە لەبەردەم دەسەڵاتی گەل (پۆپەر 2002، 91)

لێرەدا پۆپەر بەرگری لە دیموکراسی دەکات بەو پێیەی ئامرازێکە بۆ دامەزراندنی حوکمەتێکی نوێ، لەدەرەوەی دەسەڵاتی گەل ئەوەی کە مافی دیاریکردنی حوکمڕانی هەیە لە ڕێگای هەڵبژاردن، لە کاتێکدا دیموکراسی هێز بەکاردەهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەوڵەت چونکە دەسەڵاتی گەل ئەمن و ئاسایش فەراهەم ناکات لە دەوڵەت، بەڵکو بناغەی پاشاگەردانی و بێسەروبەری لە کۆمەڵگا و دروستکردنی ناسەقامگیری دەوڵەت پۆپەر باوەڕی بە عەقڵانییەت هەبو دوای ئەوە وەک بنەمایەک بۆ کۆمەڵگایەکی کراوە، هەروەک ئەوەیە کە وا لە ئەندامانی کۆمەڵگا دەکات دۆخێکی ڕێژەیی لەو باوەڕانەدا ئەنجام بدەن کە خۆیان هەڵیدەگرن و پشت بە گفتوگۆی ئازاد و ئارام دەبەستن (پۆپەر 2014، 323-324).

هەروەک "پۆپەر" سیستەمی نوێنەرایەتی ڕەتکردەوە لە وڵاتەکەی، چونکە بە ڕای ئەو دیموکراسی ڕاستەقینە نانوێنێ، سیستەمی نوێنەرایەتی "پەرلەمان" بەپێی ئەوە دەبێت کە مافی نوێنەرایەتی بونی ڕێژەی دیاریکردوە (پۆپەر 1994، 15)

ئەمەش واتایی سیستەمی نوێنەرایەتی بەلای "پۆپەر" بەگوێرەی ئەوە دەبێت کە لە ڕێگایی هەڵبژاردنەوە دێتە ئاراوە و ئەمەشیان ڕەت دەکاتەوە، چونکە هەڵبژاردن دیموکراسی نانوێنێت، بەڵکو ڕێگایی بۆ خۆش دەکات، چونکە ئەم سیستەمەی کە وڵاتەکەی لەسەری دەڕوات بریتییە لە سیستەمی نوێنەرایەتی ئەمەش سیستەمێکی

ناجێگیره به جۆرێک فرەحیزبی تێدایه و ئەمەش کەموکوڕی دروست دەکات له دەسەڵات و داوای حوکمی کەمینه دەکات له پەرلەمان.

جا دیموکراسی دادەمەزرێ به لێپرسراویەتی به کۆمەڵ دەربارەی هەمو شتێک، لەکاتێکدا دیکتاتۆری لێپرسراویەتی دەدات به دیکتاتۆر یان به باندەکەی (الاحمری 2012، 2008)، بەو مانایەی دیموکراسی هەمو هاووڵاتیان دەکاته لێپرسراو له هەمو شتێک تایبەت به دەوڵەت، لەکاتێکدا دیکتاتۆری لێپرسراویەتی دەداته دەستی یەک کەس بەبێ ئەوەی ئەرکەکانی دەسەڵات بدرین به سەرجەم تاکەکان، جا دیموکراسی ئاسایش بۆ سەرجەم هاووڵاتیان فەراهەم دەکات به پێچەوانەی دیکتاتۆری که ئاسایش تەنیا بۆ دیکتاتۆر یان بۆ باندەکەی و دارو دەستەی خۆی دابین دەکات بێ گوێدانه تاکەکانی کۆمەڵگا وه دیموکراسی کۆمەڵگایی سەرکەوتو تەندروست بەرهەم دێنێت به پێچەوانەی دیکتاتۆریەتی کەوا کۆمەڵگای سەرنەکەوتوی ناتەندروست دروست دەکات "سیستەمی نوێنەرایەتی واتا سیسەمی پەرلەمان.

جا دیموکراسی له خودی خۆیدا باشەو به سوده چونکه توانا دەبەخشێت به هەمو خەڵک له بڕیارداندا له چارەنوسیان، هەروەک و خەڵکی ئاسایی / واته ڕەش و ڕوت / ڕزگار دەکات له زۆرداری و ئازار" که ئەو دو شتەش له زۆربەی سیستەمه حوکمڕانیەکاندا هەیه" – واتا ستەم و ئازار –(تلیلی 2010، 21)

دیموکراسی به باشترین سیستەمی حوکمڕانی دەژمێرێت، چونکه ئاسایش و سەقامگیری دابین دەکات، هەروەک و هاووڵاتیانیش ئازاد دەکات له دیاریکردنی چارەنوسیان /واته مافی چارەی خۆنوسین به پێچەوانەی سیستەمەکانی حوکمەتی ڕابردو که ئاسایش دابین ناکەن هەروەک ئازادی هاووڵاتیانیش سنوردار دەکەن و کەمی دەکەنەوە، به پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسی کەوا هەمو هاووڵاتیەک ئازاد دەکات چ له بڕیاردانی مافی چارەنوسی بێ یان مافەکانی تر، جا حوکمی گەل زیانی لێ دەکەوێتەوە له ڕێگەی پشێوی و پاشاگەردانی و ناسەقامگیری کۆمەڵگا که هەمو ئەمانه له ئەنجامی حوکمی گەل دێته ئاراوە، ئەمەش دیموکراسی هەمو زیانێک له دەوڵەت لا دەبات ئەمەش له ڕێگەی هێزه چەکدارەکانیەوە کەوا یارمەتی دەدەن له ڕێخستنی کاروباری دەوڵەت.

"پێویسته لەسەر دەوڵەت که بەرگری له خاکەکەی بکات و تۆکمه بێت له مەسەلەی سەربازی پێکردنی هاووڵاتیانی، هەروەها پێویسته له سەریشی کەوا توندوتۆڵ بێت له لایەنی ئابوری بەڕادەیەکی دیاریکراو به جۆرێک حەتمەن دەبێت پاشەکەوتێکی گەورەی هەبێت، له لایەنی هاتوچۆش دا به هێزو پیشکەوتوبێت" (پۆپەر 1994، 242)

له میانەی ئەوەی باسکرا "پۆپەر" جەخت لەوە دەکاتەوە که دەبێت دەوڵەتی دیموکراسی کۆنترۆڵی مەسەلەی سەربازی پێکردنی هاووڵاتیانی بکات، هەروەک مافی ئەوەشی هەیه کۆنترۆڵی ئابوریيەکەی بکات به جۆرێک

حەتمەن دەبێت  پاشەکەوتێکی بەهێزی هەبێت لە پێناو دابینکردنی داخوازییەکانی تاکەکانی هەروەک دابینکردنی پێداویستی دامەزراوەکانیش، هەروەها مافی بەڕێوەبردنی هاتوچۆ و بواری تریشی هەیە، جا دەوڵەتی دیموکراسی مافی هەیە مافی دەستەبەرکردنی ئاسایشی دامەزراوەکانی هەروەک چۆن مافی دابینکردنی ئاسایشی سەلامەتی هاوولاتیانی هەیە.

بە پێچەوانەی دەوڵەتی ئەسینا کەوا ئاسایشی تاکەکانی دابین ناکات و نە سەلامەتیشیان، جا ئەم دەوڵەتە تەنیا گرینگی بە هاوولاتیانی دەوڵەمەند دەدات بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگیریان بۆ فەراهەم بکات. هەروەک و لە شوێنێکی تردا دەڵێت ئەو دەوڵەتەی کە ئەرکی بەرگریکردنە لە گەل پێویستە لەسەری چاودێری ئامادەی هاوولاتیان بکات لەسەر هەڵگرتنی چەک (پۆپەر 2008، 100)، لێرەدا ئاوا "پۆپەر" دەڵێت چۆن دەوڵەت پێویستە لەسەری بەرگری لە هاوولاتیانی بکات ئاواش چاودێری سەربازەکانی بکات لەگەڵ تواناکانیان بۆ چەک هەڵگرتن لە پێناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی سەلامەتی هاوولاتیانیش.

2-گۆمەڵگای کراوە لای کارل پۆپەر:

"پۆپەر" پێوایە ئەم دیموکراسیەی کە پێویستە کۆمەڵگای کراوەی بۆ دروستبکرێت بریتییە لە تەنها لەو سیستەمە سیاسیەی کە بوار دراوە بە مرۆڤ  عەقڵ بەکاری بهێنی لە بواری سیاسی بێ ناچاربون بۆ ڕاسپاردن  یان ڕێگاپێدانی سیاسی  "حیزب ئامرازی دەوڵەت " چەند دەسەڵاتێکی ڕەها کە کەمترینە لە دەسەڵاتەکانی خوا لە دامەزراندنی کۆمەڵگا یان بونیادنانی (پۆپەر 1998، 204)، بێگومان دامەزراندنی دیموکراسی لە سایەی کۆمەڵگای کراوە، پێویستی بەبەکارهێنانی عەقڵە لە بواری سیاسی چونکە هەر عەقڵە کەوا مرۆڤ وا لێ دەکات کاروباری وڵات بەڕێوەببات ئەوەش بە کۆنترۆڵکردنی ئیرادەکەی دەبێت بەپێی عەقڵ هۆکاری سەرەکییە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئیرادەی گەل و بەڕێوبەری کاروباری دەوڵەتیش بەبێ ڕاسپاردنی سیاسی بەو مانایەی بێ گەڕانەوە بۆ حوکمە سیاسییەکان یان ئەم ئامرازەی کە دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی و ئەمەش بەو پێیەی عەقڵ باشترین چەکە بۆ پاراستنی دەوڵەت لە هەر سیستەمێک و لە هەر مەترسیەکیش کە هەڕەشە بکات لە بەرژەوەندییەکان (پۆپەر 1998،204).

**ئەنجام:**

**لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم دەرئەنجامانە.**

١- دیموکراسی سیستەمێکە بڕوایی بەیەکسانی ڕەها هەیە لە نێوان هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا  بە هەژار و دەوڵەمەندەوە، کە واتای دیموکراسی لای زانایان و فەیلەسوفان بەم  واتایە دێت.

٢- کارل پۆپەر کە باسی دیموکراسی کردوە مانایی حوکمی گەل ناگەیەنێت هەر وەک و برەوی پێدراوە لای خەڵکی گشتی، بەڵکو بریتییە لە توانا بون لەسەر دامەزراندنی حوکمەتەکان و بونی توانا لەسەر ڕێگری لە دروستبونی دیکتاتۆرێک بە ناوی گەل.

٣- لالاند لە "ئینسکلوپیدیای فەلسەفی"دا دیموکراسی پێناسە دەکات: بەوەی دۆخێکی سیاسیە کە تیایدا دەسەڵات بۆ سەرجەم هاووڵاتیانە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جیاوازیەک لەسەر بنەمای لە دایکبون و سامان یان توانا.

٤- جان جاک ڕۆسۆ ئەو دیموکراسیەی کە یەکێتی بەدەستی دێنێ لە نێوان ئەخلاق و سیاسەت و دەوڵەتی یاساییە ئەو دەوڵەتەی کە گوزارشت لە ئیرادەی گشتی هاووڵاتیانی دەکات ئەوانەی کە لە هەمان کاتدا یاسادانەرو هاووڵاتین ملکەچی یاساکانی دەوڵەتیان دەبێت،

٥- جلال الدین سعید کە باسی دیموکراسی لە ڕوی ڕەچەڵەک یان لەدایکبون یان هەر پەیوەندیەکی ترەوە، دیموکراسی داوای جیاکاری نەکردن دەکات لە نێوان تاکەکان وە دادەمەزرێ لەسەر یەکسانی ڕەها پاشان تاکەکان دەستبەرداری مافەکانیان دەبن بۆ بەرژەوەندی چینی فەرمانڕەوا، دیموکراسی بە گرینگترین زاراوە و چەمکە بنەڕەتییە.

٦- دژەکانی دیموکراسی دو نەیاری هەیە، چونکە ڕوبەڕوی دوژمنێکی دیاریکراو دەبێتەوە بە ئاشکرا، ئەویش حوکمی زۆر لێکردنە کە ناودەبرێ بە دیکتاتۆری یان زۆرداری یان تاکڕەوی، بە جۆرێک ئەم ڕوبەڕوبونەوەیە ئاشکرایە، ڕوبەڕونەوەی تر دەشارێتەوە.

٧- گەیشین بەوە کە"ئۆتۆقراتی " پێچەوانەی دیموکراسیە، لە کاتێکدا کە سیستەمی ئورۆقراتی دەسەڵات بۆ تاکە کەسە نەک بۆ زۆرینە، بە جۆرێک فەرمانڕەوا هەڵبژاردراو نییە و دامەزراوە.

٨- حکومەت لە دو ڕێگا هەڵدەبژێریت، هەڵبژاردن لەناو گۆمەڵگا، هەڵبژاردن لەناو پەرلەمان گرینگترین شت لە شێوەکانی حکومەتدا ئەوەیە کە بتوانین لەسەر کار لای بدەین بەبێ خوێن ڕشتن.

٩- ئازادی گەیشینە ئەوەی کە ئازادی کە تاکەکەسی پیرۆزە، هەروەک ئازادی سیاسی خۆی دەنوێنێت لە مافی بەژداری لە دەوڵەت لە لایەنی سیاسی ئازادە، ئەگەر هاتوە دامەزراوە سیاسیەکانی ڕێگەبدات بە هاووڵاتیان، پۆپەر بڕوایی وایە بەوەی ئازادی دەوڵەت شاراوەیە لە لایەنی سیاسی کاتێک تاکەکانی گەل توانایی گۆڕینی حوکمەتی خۆیان هەبێت بەبێ ناکۆکی.

١٠- یەکسانی لەم توێژینەوەیەدا گەیشت بەوەی کە یەکسانی لە جیاوازینەکردن لە نێوان تاکەکان بەهۆی نەژاد یان زمان یان بیروباوەڕ یان ڕەگەز، ئەم پێوەرانە هیچیان ڕەچاوناکرێ، چونکە هەمو مرۆڤەکان یەکسانن لە ئەرک و ماف و ئازادییەکان کە یەکسانی واتە جیاوازی نەکردن لە نێوان تاکەکان، پۆپەر بۆ

چەمکی یەکسانی ئەوە دەردەکەوێ کە پەیوەندیەکی پتەو بەستویەتیەوە بە کۆمەڵگەی دیموکراسی، یەکسانی سروشتیش وامان لێدەکات کە وا تێبکۆشین لە پێناو یەکسانی لە بەردەم یاسا.

١١- گەیشتن بە ئەوە کێ حوکم دەکات بەڵکو چۆن حوکمڕانی دەکات، بە واتایەکی تر ئامانجی دیموکراسی هاوچەرخ لەناوبردنی دەسەڵاتی ڕەهای حکومەتەکان و بەرگریکردنە لە ئازادییەکانی تاک دژی هەمو جۆرە دەسەڵاتێک جگە لە سەروەری یاسا. پۆپەر دیموکراسی "دادگای خەڵک نەک حوکمی خەڵک" و دادگای گەل پێویستی بە سیستەمێکی نوێنەرایەتیکردنی زۆرینە هەیە، نەک نوێنەرایەتی ڕێژەیی بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لە ڕۆژی هەڵبژاردندا دەرببڕن.

١٢- دەرکەوت کارل پۆپەر سیستەمە مۆدێرنەکانی حکومەتی ڕەتکردەوە، لەوانە سیستەمی کۆماری، چونکە ئەو بە سیستەمێکی تۆتالیتاری دادەنێت، بۆیە لایەنگری سیستەمی دیموکراسییە کە دیموکراسی بە باشتر دەزانێ.

## Democracy and freedom from the point of view of karls poper

**Omar Khdir Rasull**

Philosophy Department College of human sciences, University of Raparin, Ranya, Kurdistan region of Iraq.

### Abstract

This study deals with the philosophy of freedom and democracy by Karl Popper. Popper discusses the causes of the emergence of establishing a government from the perspective of democracy and freedom of elections. The main issue of the study is whether the emergence of government depends of man's ability, and freedom and security of society. Popper believes that all the individuals are equal in front of the law because the legal states do not differentiate among the individuals who are equal in origin, language, culture, and gender. The state should also defend the land and control the military and economic sources. The democracy which is a political system depending on using rationality in politics or any other field needs an open society as political parties are tools for establishing governments. Popper believes that the wider the freedom is, it will be better for the government. Popper talks about democracy that no government is established without freedom and democracy. A dictator is a person who can be a president and calls for democracy and freedom of expression, but he rejects the other types of democracy because democracy has been known for rejecting dictatorship. In noocracy system, authority is given to a person, not for all, thus

a president isn't selected. To achieve secure and stable society, the government uses two types of elections, they are in the society and in the parliament. However, parliamentary elections are the most important ones topple the dictatorship without blood shedding.

**Key words**: Democracy, Freedom, State, Elections, representativeness.

**ليستی سەرچاوەكان**


الخشاب، مصطفى. 3567." النظريات والمذاهب السياسية: مطبعة البيان العربى.

المحمداوي، علي عبود. 2015. الفلسفة السياسية كشف لما هو كائن وخوض فيما ينبغي للعيش معا. الرباط: دار الأمان.

الاحمرى، محمد2012."،الديمقراتيه الجۆور واشكاليه التطبيق ط1،بيروت:الشبكه العربيه للابحاپ والنشرلبنان.

البطاط، محمد هاشم رحمه. 2020." المرتک ا زت الفكرية السياسية للمجتمع المفتوح عند كارل بوبر."

أسماء، حلوز. 2016."مفهوم المجتمع المفتوح عند " كارل بوبر" جامعة د. مولاي الطاهر سعيدة،كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية،قسم العلوم الاجتماعية،شعبة الفلسفة.

بوبر، كارل. .2014 المجتمع المفتوح وأعداءه .ترجمة حسام نايل .ج .2 القاهرة :التنوير للطباعة والنش روالتوزيع.

بوبر، كارل 2008."،درس القرن 20، تر: الزاوى بغوره،ط1، بيروت:منشورات الاختلاف.

بوبر، كارل 1994."الحياه بأسرها حلول لمشاكل تر بهاو درويش،د،ج،معارف الاسكندريه.

بوبر،كارل1998."المجتمع المفتوع وأعداوه تر: السيد نفادى ط1،لبنان:دار التوير للطباعه والنشر.

بوبر،كارل 2002." خلاصه القرن 20 تر، الزاوى بغوره،ط1، القاهيره أناتوليا.

بهلول، لطيفة 2018."تفنيد كارل بوبر للديموقراطية: محاولة نحو ما بعد الديموقراطية، جامعة قسنطينة 2 الجزائر كلية العلوم السياسية.

تليلى،تشارلز 2010." الديمقراطيه تر محمدفاضل طباخ ط1 بيروت:المنظمه العربيه للترجمه.

حنفى، عبد المنعم 2000."المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفه،ط3، القاهيره:مكتبه مدبولى.

روسو،جان جاك1995." العقد الاجتماعى تر: عادل زعيتر،ط2 بيروت.

زعيم،سميح 2000. "موسوعه مصطلحات العلوم الاجتماعيه والسياسيه فى الفكر العربى ج1 بيروت:مكتبه لبنان.

زان، وفا ء2018." مفهوم الديمقراطية عند كارل بوبر جامعة قاصدي مرباح، كلية العلوم الانسناية و الاجتماعية، قسم علم الاجتماع.

سيد،محمد 1987." مناهج الاسلام فى الحكم ط1 بيروت:دارالعلم للملايين.

صليبا،جميل1982." المعجم الفلسفى ط لبنان:درا الكتاب بيروت.

مهدي،عبير سهام2018." جدلية العلاقة بين الديمقراطية والحرية في الفكر السياسى لكارل بوبر، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية.

مدكورمحمد، ابراهيم 1983."المعجم الفلسفى، (د، ط مصر:مجمع اللغه العربيه.

نز، أنتونى جيد 2010." الطريق الثالث تجد يد الديمقراطيه الاجتماعيه تر أحمد زايد، د، ط، القاهره:الهيئه المصريه للكتاب.